## ١٠ی خاکەلێوە یادی لەسێدارەدانی قازی محەممەد

١٠ی خاکەلێوە، بیرهێنەرەوەی  رۆژێکی تاڵ و ڕەش لە مێژوی گەلی کورد دایە. رۆژێك کە گەلی کورد شاهیدی لەدەست دانی سەرکردەیێکی گەورە و بلیمەت بوو. لەو رۆژە دا دژمنانی سوێند خواردوو و قین لەدڵی کورد لە کوردستانی ئێران لەدرێژەی پیلانێکی ناجوانمێرانە و بێ بەزییانەدا قازی محەممەد سەرۆك کۆماری کوردستان و ٢ کەس لەهاورێیانی نزیکی بە ناوەکانی (محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگ ) و سەدری قازی برای پێشەوای بە پەتی سێدارەوە کرد و ئەو رووداوە بوو بە هۆی باڵ کێشانی تەمێکی خەماوی و ناهومیدی بەسەر خەڵکی کورد دا.

لەسەر گەورەیی و موقاومەتی قازی محەممەد زۆر ووتراوە و هەموو ساڵێك شاهیدی کۆمەڵێك کۆر و کۆبوونەوە و سیمینار و بابەتی جۆراوجۆر لەسەر شەهید کران و پیاهەڵگوتنین بەسەر ئەو رێبەرە مێژوویییە دا، ئەوەش لەجێگەی خۆی دایە و هەرچەندەی باسی لایەنی باشەی ناوبراو بکرێ کەمە. بەڵام ئەو مەوزووعەی لەو رۆژ و بۆنانەدا کەمتر گرینگی پێدەدری و کەمتر باسی لێ دەکرێ، یان ئەگەر باسیشی بکرێ ئەوندە بە بایەخەوە باسی لێوە ناکرێ، وەسیەتنامە و ئاموژگارییەکانی مەرحوومی قازییە. ئەو وەسیەتنامە مێژوویەی کە لەدوایین ساتەکانی ژیانی دا بۆ گەلەکەی بە جێ هێشت. بێگومان ئەگەر سوود لە وەسیتنامەکەی قازی وەربگیرێ، جولانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ئالوگۆری پۆزەتیڤ و بەرچاوی بەسەردا دێ و دەبێتە هۆی گورجیی بەرەوپێش چوونی خەباتی رزگاریخوازانەمان. گرینگی وەسیەتنامەکەش دەگرێتەوە بۆ چەندین هۆ کە بریتین لە:

١ـ  ژیری و لێهاتوویی و نیشتمان پەروەری قازی محەممەد

٢ـ ئەو ئەزموونەی کە لەماوەی حکوومەتداری ١١ مانگەی وەدەستی خستبوو

٣ـ رەوڵ گێران لەناو جەرگەی راستیەکانی ناوچە و جیهان و شارەزایی پەیدا کردن لە روداوە سیاسیەکان

٤ـ کرانەوەی ئەندێشەی سیاسی و پتەوبوونی هەستی نەتەوایەتی

٥ـ دەرکەوتنی زۆرێك لە راستیەکان کە تا ئەو کاتە ئاشکرا نەببوون

٦ـ نوسینی ئەو وەسیەتنامەیە وەکوو دوایین هەوڵ بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی

دوای تێپەرینی ٦١ ساڵ لەکاتی دەربرینی، ئێستاش گرینگی خۆی راگرتووە و لەبایەخی کەم نەبۆتەوە. لە سەرتای وەسیەتنامەکەی، ئەو مەرحوومە ئاوا دەڵێت:

(رۆڵە و برا عەزیزەکانم! برا بەش خوراوەکانم، میللەتە زوڵم لێکراوەکەم! وام لەدوایین ساتەکانی ژیانم دا، چەند ئاموژگارییەکتان دەکەم، وەرن بە خاتری خوا چیتر دژمنایەتی یەکتری مەکەن، یەك بگرن و پشتان وەیەکتری بدەن، لەبەرانبەر دژمنی زۆردار و زالم بوێستن، خۆتان بە خۆرایی بە دژمن مەفرۆشن، دژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ، تا کاری خۆتان پێ جێبەجێ دەکا و قەت بەزەیی پێتان دا نایە ، لەهەر هەلێکدا بێ، لێتان نابووری.

دژمنانی کورد زۆرن ، زالمن، زۆردارن، بێ بەزیین، رەمزی سەرکەوتنی هەرگەل و نەتەوەیێك ، یەکگرتن و یەکبوونە. هەر میللەتێك یەکیەتی و تەبایی نەبێ، هەردەم ژێردەستی دژمنانی دەبێ. ئێوە  گەلی کورد! هیچتان لەگەلانی سەر ئەو گۆی زەویە کەمتر نیە، بەڵکوو لە پیاوەتی و غیرەت و لێهاتوویی، لەزۆر لەو گەلانەی رزگار بوون لەپێشترن. ئەو میللەتانەی کە لەچنگی دژمنە زۆردارەکانیان رزگاریان بوو، وەك ئێوەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان رزگار کردوە، یەکێتیان لەنێوان دا بووە، با

ئێوەش وەکوو هەموو گەلانی رووی زەوی، چیتر ژێردەست نەبن، هەر بەیەکگرتن و حەسوودی بەیەك نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دژمنانی نەتەوەکەمان دەتوانن رزگار بن).

لەبەشێکی تر لە وەسیەتنامەکەی لەسەر فریونەخواردنی گەلەکەی لەراست دژمن پێداگرێ و دەڵێ لەداهاتووش دا شاهیدی فریوخواردنی زۆر سیاسەتمەداری لە ئێمەش ژیرتر دەبین بەڵام بە خاتری خوا ئەوەی ئێمەتان بۆ ببێتە عیبرەت و ئەزموون و هەروەها باس لە گرینگی دان بە لایەنی ئایینی نەتەوەی کورد و پاریزگاری کردن لە نەتەوە و دینەکەی دەکات.

قازی محەممەد بە ناسینی باری دەروونی و ئاکاری تاکی کورد و شرۆڤەی دروستی روداوەکان گەیشتە ئەو ئاکامە کە تەنیا بە یەکێتی و تەبایی، سەرکەوتن و بەرەوپێش چوون گەرەنتی دەبێ و تا یەکێتی و یەکگرتوویی دوابکەوێ، گەیشتن بە ئامانجەکانیشمان دوا دەکەوێت. ئەو کۆمەڵە ئاموژگارییە لە دوایین چرکە ساتەکانی ژیانی پیاوێکی گەورە درکاون و حەق وایە ئێمەی کورد هەر کام لەو ئاموژگارییانە بکەینە کار و بەرنامەی خۆمان و کردەوەی پێ بکەین. باشتر وایە لەو رۆژە مێژووییە دا تەنیا باس لە کەسایەتی و شێوەی ئیعدام و رادەی زاڵمی حکوومەتی ئەو کاتی ئێران نەکەین ، بەڵکو لەسەر ئەو ئامانجەی کە قازی و هاورێیانی گیانیان لەپێناوی دا کردە خەڵات، هەڵوەستین و ئەو ئەزموونە بکەینە چۆلەچرای خەباتی بەردەممان و سوودی لێوەرگرین. جێگەی داخە کە ئێستا بیسەری کۆمەڵێك دەنگی سکتاتیزم و بەرچاوتەنگانە دەبین کە تەنیا یادکردنەوەی ئیعدامی قازی محەممەد بۆ یەك مەبەست دەکەنەوە و کەسایەتی ئەو مەزنە پیاوە لەقالبێکی بچوك دا بەرتەسك دەکەنەوە و یان بە داخەوە تەنیا وەك رەسمێکی باو دەرواندرێتە ئەو بۆنەیە و کەمتر گرینگی بە لایەنە پڕبایەخەکانی ئەو یادکردنەوەیە ئەدرێ. ئێمە لەسەر ئەو بروایەین کە قازی محەممەد بە بێ جیاوازی و بە بێ تایبەتی دان بە لایەن و بنەماڵەیێك ئی هەموو کوردانە و جێگەی خۆیەتی هەموو کوردان شانازی بە قازی محەممەد بکەن. دەبێ لەرۆژی بیرەوەری لەداردانی قازی و هاورێیانی بە بێ تەعسوبێکی ووشك و تەسك لایەنە چاك و کەم و کوورییەکانی کۆمار و قازی و حکوومەتەکەی بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە و لەئەنجامیش باشترین پەیام لەو روداوە مێژووییە هەڵێنجێندرێ و ببێتە هۆی لێك نزیك بوونەوەی زیاتری خەڵکی کورد.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٧ ی کۆچی خۆری دا سلاو و درود دەنێرێ بۆ روحی پاکی شەهید قازی محەممەد و هەروەها حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و ابوالقاسم سەدری قازی هیوادارە گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بتوانێ ئاموژگارییە بە نرخەکانی قازی محەممەد بە جێ بگەیێنێ تا هەم هەنگاوێك لە سەرکەوتن نزیك ببێتەوە و هەم روحی مەرحوومی قازی محەممەد و هاورێیانی لەبەهشتی بەرین دا شاد بێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری